**یەکێتی تۆپی پێی کوردستان**

**لیژنەی پێشبرکێکان**

# پەڕاوی

# یەکێتی تۆپی پێی کوردستان

## وەرزی ٢٠٢٣ _ ٢٠٢٤

ئیمێلی لیژنەی پێشبرکێکان kfacompetitions2022@gmail.com

# ناوەڕۆك


| ژ | بابەت | پەڕەی |
|---|---|---|
| ١ | بەرنامەو چالاكیەكان | ١ |
| ٢ | بەندی یەكەم ( ڕێنمایی گشتی ) | ٢ ـ ٣ |
| ٣ | بەندی دووەم ( یانەكان ) | ٣ ـ ٥ |
| ٤ | بەندی سێ یەم ( یاریزانان ) | ٦ ـ ٩ |
| ٥ | بەندی چوارەم ( ڕێكخستنی یارییەكان ) | ١٠ ـ ١١ |
| ٦ | بەندی پێنجەم ( كشانەوە یان تەواونەكردنی خول ) | ١٢ |
| ٧ | بەندی شەشەم ( دەستەی هونەری وكارگیری ) | ١٣ ـ ١٤ |
| ٨ | بەندی حەوتەم ( سەرپەرشتیار و هەڵسەنگینەر ) | ١٥ ـ ١٧ |
| ٩ | بەندی هەشتەم (یاریگاكان ) | ١٨ |
| ١٠ | بەندی نۆیەم (یارییەكان ) | ١٩ ـ ٢٠ |
| ١١ | بەندی دەیەم ( دیاریكردنی تیپی براوە ) | ٢١ ـ ٢٢ |
| | بەندی یازدەهەم ( كارتە زەردو سوورەكان ) | ٢٣ ـ ٢٤ |
| | بەندی دوازدەهەم ( پەڵپ ) | ٢٤ |
| | بەندی سێزدەهەم ( تۆماری سزاكان ) ( یانەكان ـ یاریزانان ـ كارگێری ـ ڕاهێنەران ـ جەماوەر ) | ٢٥ ـ ٣٣ |
| | بەندی چواردەهەم ( خولەكان ) | ٣٤ ـ ٣٥ |

## بەرنامە و چالاكییەكانی یەكێتی تۆپی پێی كوردستان بۆ وەرزی ٢٠٢٣ ــ ٢٠٢٤

١ – خولی نایابی كوردستان

٢ – خولی پلە یەكی كوردستان

٣ – خولی فوتسالی كچانی كوردستان

٤ – خولی پلە دووی كوردستان

٥ – خولی ژێر تەمەن ٢٠ ساڵ ( تەمەن ٢٠٠٥ بەسەرەوە )

٦ – خولی ژێر تەمەن ١٧ ساڵ ( تەمەن ٢٠٠٨ بەسەرەوە )

٧ – پاڵەوانیەتی هەڵبژاردەكانی پاریزگاكانی كوردستان ( ژێر تەمەن ٢٠ ساڵ )

٨ – پاڵەوانیەتی هەڵبژاردەكانی پاریزگاكانی كوردستان ( ژێر تەمەن ١٧ ساڵ)

٩ - خولی ژێر تەمەن ١٧ ساڵ ( تەمەن ٢٠٠٨ بەسەرەوە )

١٠ – خولی تایبەت بۆ ڕاهێنەران

١١ – خولی تایبەت بۆ ناوبژیوانان

١٢ – خولی تایبەت بۆ سەرپەرشتیاران

١٣ – خولی تایبەت بۆ رچارەسەركاران

١٤ – خولی تایبەت بۆ ناوبژیوانانی فوتساڵ

١٥ – خولی تایبەت بۆ ڕاهێنەرانی فوتساڵ

١٦ – فیستڤالی ساڵانەی ڤێرگەكانی كوردستان

## بەندی یەکەم

## ڕێنمایی گشتی

١ - یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بۆی هەیە هەر بڕیارێکی دیکە دەربکات کەلە ڕێنماییەکان ئاماژەی پێنەکراوە و نەهاتووە

٢ – یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە هەر سات وکاتێکدا بۆی هەیە ودەتوانێت هەر خول و پاڵەوانیەتییەك کە لە چالاکییەکانمان ئەنجام دەدرێت هەڵبوەشێنێتەوە تەواوی ئەنجامەکانی بسڕێتەوە , ئەویش لە حالەتی بوونی ڕووداوی نەخوازراو و هەوڵدان بۆ ناشرین کردنی خولەکان ودەرچوون لە روحی بەرزی وەرزشی وپابەند نەبوون بە ڕێنماییەکان .

٣ – هەموو ئەو سزا کارگێریانە و پێ بژارکردنی ( یانەکان – یاریزانان – دەستەی ڕاهێنەران – جەماوەر ) کە لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی کوردستانەوە ئەدرێت لەکاتی تەواو بونی وەرز یان هەڵوەشانەوەی خولەکە ئەگوازرێتەوە بۆ وەرزی داهاتوو .

٤ - هەر سزادانی یاریزانێك یان ڕاهێنەرێك ( کارگێری یان دارایی ) ، لەکاتی گواستنەویان هەمان سزا لەگەل خوی ئەگوازرێتەوە .

٥ – یاساکانی تۆپی پێی جیهانی ( FIFA ) جێ بەجێ دەکرێت جگە لە گۆڕینی ژمارەی یاریزانان نەبێت , یاخود ئەو ڕێنماییە تایبەتیانەی کە لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەردەچێت .

٦ – هەموو نوسراوێك بە لیستی یاریزانانیشەوە تەنها بە ڕێگەی ئیمێڵی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەبێت و وەردەگیرێت .

٧ – پەراوی تایبەتی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بۆ وەرزی ٢٠٢٣ – ٢٠٢٤ لە هەموو خول و پاڵەوانیتیانەی کە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان سەرپەرشتی دەکات پەیرەو دەکرێت

٨ - یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بۆی هەیە سزاکان زیاتر یان کەمتر بکات و پێ بژاردنی زیاد یان کەم بکات .

٩ – لە خولەکانی پلە نایاب و پلە یەك یاری بە تۆپی تایبەت بە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ئەنجام دەدرێت .

١٠ – کار بە سستمی خواستن ( اعارە ) یاریزان دەکرێت بە مەرجێك تەنها بۆ یەك یانە و یەك وەرز دەبێت .

١١ – یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەسەلاتی تەواوی هەیە وسەرپشکە لە دیارکردنی یاریگاو شوێن و کاتی یاری کۆتایی جامی کوردستان یان کۆتایی هەر پالەوانەتیەك .

---

## بەندی دووەم

## یانەکان

١ – **پابەندبوونی یانەکان بە کاتی یارییەکان**

٢ – **پابەندبوونی یانەکان بە یاری خاوێن و دەستپاکی لە یارییەکان**

٣ – بەشدارنەبوونی هەر یانەیەك لە سەرجەم چالاکی و خولە جۆراوجۆرەکانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان پێش بەرێوەچوونی خولەکان , یەك پلە دادەبەزێت .

٤ – هەر یانەك بەشداری لە چالاکییەکانمان بکات دەبێت پابەندی تەواوی بریارەکان بێت .

٥ - هەر یانەیەك پێویستە بریار و راسپاردە ورێنماییەکان بەبێ دروستکردنی بچووکترین گرفت جێبەجێ بکات .

٦ – یەکێتی تۆپی پێی کوردستان خاوەن دەسەلاتی تەواوە لە دەرکردنی هەر بریارێك .

٧ – پێویستە لەسەر یانەکان بەر لەدەست پێکردنی هەر خولێك بە ( ٢٠ ) رۆژ لیستی ناوی یاریزانان ( کشوفات ) پێشکەش بە لیژنەی پێشبرکێکان بکەن , بە مەرجێك ژمارەی یاریزانان لە ( ٣٥ ) یاریزان بۆ پێشکەوتوانی خولی ناياب , و بۆ پلە یەکەکان تەنها ( ٣٠ ) زیاتر نەبێت , بۆ خولەکانی تر ( ژێر تەمەن ٢٠ ساڵ ـ ژێر تەمەن١٧ ساڵ ) تەنها ( ٢٥ ) یاریزان بۆیان بریارە .

٨ – پێویستە سەرجەم یانەكانی بەشداربووی خولەكان پابەندی رێنماییەكان بن , ئەم پێداویستیانەی خوارەوە ئامادە بكات  كاتێك یارییەكان لەسەر یاریگاكانیان بەرێوە دەچێت ، بەپێچەوانەوە پێ بژاردە دەكرێت بە بڕی ( ٥٠٠ هەزار دینار )

أ – ئامادەكردنی پیاوانی پۆلیس بۆ دابین كردنی ئاسایشی یاریگاكان ,وپاراستنی تیپی میوان تا لە شار دەردەچن .

ب – ئامادەكردنی ئۆتۆمبیلی فریاكەوتن ( ئەمبولانس )

ج – دابین كردنی ژووری شایستە بۆ سەرپەرشتیار وناوبژیوانان

د – دابین كردنی ژووری تایبەت بۆ تیپی میوان .

و – دابین كردنی شوێنی تایبەت لە نێو یاریگا بۆ یاریزانانی یەدەگ و ناوبژیوانی چوارەم وسەرپەرشتیاری یاری

ك – دابین كردنی شوێنی تایبەت بە دەزگاكانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسانی وەرزشی .

ز – هێڵكاری كردنی یاریگا بە شێوەێكی روون ودیار و یاسایی بێت .

ع – دابینكردنی ئاڵای سووچەكان وتۆڕی گۆڵەكان .

ل – پێویستە یاریگا یاسایی بێت وتوند و تۆڵ بە تەلبەند بێت .

ن – دوور خستنەوەی هەركەسێك كە باج وناسنامەی یەكێتی تۆپی پێی كوردستانی نەبێت  لە نێو یاریگا .

م – ئامادەكردنی منداڵانی تایبەت بە تۆپ هێنانەوە  .

ی - ئامادەكردنی هەڵگری یاریزانانی پێكاو ( نقالە ) .

٩ – بەهیچ جۆرێك دەست كاری لە گۆڕینی ژمارەی یاریزانان ناكرێت , لەكاتی سەرپێچی كردنی ئەم فەرمانە تیپ بە دۆڕاو بەئەنجامی ( ٣ ـ ٠ ) گۆڵ دادەنرێت ورووبەڕووی سزای تریش دەبێتەوە .

١٠ – پێویستە تیپی میوان كاتێك یارییەكە لە دەرەوەی یاریگای خۆی ئەنجام دەدات دوو ( ٢ ) سێت درێس لەگەڵ خۆی ببات , دەبێت دوو ( ٢ ) سێتەكە رەنگی جیاوازی هەبێت وپێش دەستپێكی خولەكان ئامادەیان بكات .

١١ – زیادكردنی یاریزانان تەنها لەكاتی گواستنەوەی نێوان قۆناغەكان دەبێت .

١٢ – پێویستە هەر یانەیەكی بەشدار لە خولی پلە نایاب خولی پلە یەك كوردستان لە یارییەكانی دەرەوە و ناوەوەی یاریگا ی خۆی تابلۆی گۆڕینی یاریزانانی تایبەت بەخۆی هەبێت .

١٣ – هیچ یانەیەك بۆی نیە یارییەكانی لە دەرەوەی سنووری پاریزگای خۆی وشارێكی تر یاری بكات تەنها بە بڕیاری یەكێتی تۆپی پێی كوردستان وبریاری گواستنەوە و سزا نەبێت

١٤ – پێویستە لەسەر سەرجەم یانە بەشداربووەكانی چالاكیەكانی یەكێتی تۆپی پێی كوردستان وانەی یاساكانی تۆپی پێ بە ڕاهێنەران و یاریزانانی یانەكە بووترێتەوە ماوەی وانە ووتنەوەكەش لە ( ٣ ) كاتژمێر كەمتر نەبیت .

١٥ – مەرج نیە لەسەر تیپی خاوەن یاریگایە ئامادە كردنی یاریگاكەی بۆ تیپی میوان پیش رۆژێك لە كاتی یاری .

١٦ – پێویستە یانەكان دەستبەردانی یاریزانی (استغنا) ئەسڵی پێشكەش بكرێ لەگەڵ ناردنی لیستی یاریزانان ئەگەر لەیانەیەكی تر هاتبێت

١٧ – ناردنی لیستی ناوی یاریزانان و دەستەی راهێنەران بە نووسراوی فەرمی لە رێگای ئیمیلەوە , بە پێچەوانەوە وەرناگیری لەلایەن لیژنەی پێشبڕكێكانەوە .

١٨ – لەسەر یانەكانی بەشداربووی خولەكانە دانانی رێكخەر ( منسق ) لەكاتی بەرێوە چوونی یارییەكان .

١٩ – هەر یانەیەك دەتوانی ( ٥ ) گۆڕانكاری لە یاریزانەكانی بكات لەكاتی یاری ، بەمەرجێ لەكاتی ( ٣ ) وستاندن

٢٠ – **جەماوەر یانە هەركەسیك ئامادە نەبیت یاریگا یان شوینی یەدەگ بەجێ بهیلی یەكسەر یاری تەواو دەكرێت و یانەكە بە دۆراو هەژمار دەكرێت** , ئەگەر ئەنجامەكەی زیاتر بوو گۆڵە زیادەكان وەك خۆی دەمێنێتەوە .

٢١ – ١٦ یانە لە خولی پلە نایابەكانی كوردستان بۆ وەرزی (٢٠٢٣ ــ ٢٠٢٤) بەشداری دەكەن، خولی پلە نایاب بە یەك كۆمەڵە و یارییەكانی بە دوو قۆناغ (چوون و هاتن) بەرێوە دەچیت، دوو یانەی دوا ریزبەند بۆ ریزی یانە پلە یەكەكانی وەرزی ( ٢٠٢٤ ــ ٢٠٢٥ ) دادەبەزیت، ئەگەر هەر یانەیەك (پێش یان دوای ئەنجامدانی تیرپشك یان لەكاتی بەرێوە چوونی یارییەكانی خولەكە) پاشەكشەی كرد ئەوە هیچ یانەیەكی دیكە شوێنگرەوەی نابێت و پلەیەك دادەبەزیت و لەگەڵ هەر چوار یانەی دوا رێزبەند دادەبەزن.

٢٢ – ( ١٨ ) یانە لەخولی پلە یەكەكانی كوردستان بۆ وەرزی ( ٢٠٢٣ ــ ٢٠٢٤ ) بەشداری دەكەن , خولی پلە یەكی كوردستان بە یەك كۆمەڵەو یارییەكانی بە یەك قۆناغ بەرێوە دەچن، دوو یانەی لە ریزبەندی یەكەم و دووەم سەر دەكەون بۆ خولی پلە نایابی كوردستان بۆ وەرزی ( ٢٠٢٤ ــ ٢٠٢٥ )، دوو یانەی دوا ریزبەندی خولەكەش دادەبەزن بۆ خولی پلە دووەكانی كوردستان بۆ وەرزی (٢٠٢٤ ــ ٢٠٢٥) ئەگەر هەر یانەیەك (پێش یان دوای ئەنجامدانی تیرپشك یان لەكاتی بەرێوە چوونی یارییەكانی خولەكە) پاشەكشەی كرد، هیچ یانەیەكی دیكە شوێنگرەوەی نابێت، بەهەمان شێوە (٢) دوو یانە دادەبەزێت لەگەل ئەو یانەیەی پاشەكشەی كردوە.

## بەندی سێیەم

## یاریزانان

١ – یاریزانانی هەرێمی کوردستان لە شنگال سنووری جوگرافی تا خانەقین دەگرێتەوە , ئەم سنوورە بە یاریزانانی ناوەوەی هەرێم هەژمار دەکرێن ئەو ناوچانەی لە مادەی ( ١٤٠ ) ی دەستووری عێراقی فیدراڵ ناویان هاتووە بە هەمان شێوە بە یاریزانانی ناوەوەی هەرێم هەژمار دەکرێن بە پێی نوسراوی تایبەت بە مادەی ( ١٤٠ ) ی دەستووری عێراق .

٣٦ – یاریزانانی سنووری ناوچە جێ ناکۆکەکانی دەرەوەی هەرێم بە پێی مادەی ( ١٤٠ ) ی دەستووری عیراق مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت کەناوی سەرجەم قەزاو ناحیەکان بەروون وئاشکرا ئاماژەی پێ کراوە , یاریزانەکانی ئەم ناوچانەش بە یاریزانی ناوەوەی هەرێم هەژمار دەکرێن .

٤ – یاریزانانی ئەمسال دوای تەواو بونی وەرز ئازادن ئەگەر بونەکەیان تازە نەکەنەوە لەگەل یانەکەیان .

٣ – ناردنی ناوی یاریزانانی ناوەوە ودەرەوەی هەرێم لە دو وکات دەبێت

یەکەم // خولی نایاب

أ – گواستنەوەی هاوینە لە ١ /٧/٢٠٢٣ بۆ ٢٤ / ١٠ / ٢٠٢٣

ب – گواستنەوەی زستانە لە ١ /١/٢٠٢٤ بۆ ٢٠٢٤/١/٢٨

دووەم // خولی پلە یەك

أ – گواستنەوەی هاوینە لە ١ /٧/٢٠٢٣ بۆ ١٤ / ١١ / ٢٠٢٣

ب – گواستنەوەی زستانە لە ١ /١/٢٠٢٤ بۆ ٢٠٢٤/١/٢٨

سێیەم // خولی پلە دوو لەکاتی کردنەوەی خول بڕیاری لەسەر ئەدرێت

چوارەم // خولی فوتسالی کچان

أ – گواستنەوەی هاوینە لە ١٥ /٧/٢٠٢٣ بۆ ١٤ / ١٢ / ٢٠٢٣

ب – گواستنەوەی زستانە لە دوای تەواو بوونی قوناغی یەکەم

٤ – یاریزان بۆی نیە لە دەستەی کارگێری یانە بێت و لەهەمان کات یاری بکات .

٥ – یاریزان بۆی نیە ڕاهێنەر بێت لە یانەکەی یان لە یانەیەکی تر و لەهەمان کات یاری بکات .

٦ – لەکاتی گواستنەوەی یاریزان لە یانەیەك بۆ یانەیەکی تر لەکاتی گواستنەوەی هاوینەو زستانە یان لەکاتی خواستن ( اعارە ) هەموو سزای کارگێرو دارای لەگەل خوی دەبات

٧ – گۆڕینی یاریزانە پیشەگرەکان تەنها لەکاتی گواستنەوەی زستانە دەبێت .

٨ – هەر یاریزانێك ناوی لە لیستی یاریزانان ( **کشوفات** ) هاتبێت ژمارەی تایبەتی بۆ دانرابێت ., مولکی ئەو یانەیەیە , بۆی نیە بچێتە یانەیەکی تر تەنها بە دەستبەردان (**استغنا** ) نەبیت .

٩ – مەرجە ژمارەی درێس و شۆرتی یاریزان هەمان ژمارە بێت , ئەگەر نا رێگا نادرێت بەشداری یاری بکات .

١٠ – هەر ژمارەیەك بۆ یاریزانێك لە کشوفات تۆمارکرا ئەم ژمارەیە بۆ کۆتایی وەرز بۆ ئەم یاریزانە دەبێت , هیچ یاریزانێکی دیکە ناتوانێت جارێکی دیکە ئەم ژمارەیە وەربگرێتەوە .

١١ – ژمارەی یاریزان لە جامی کوردستان و خولی کوردستان هەمان ژمارە دەبێت وبە پێچەوانەوە بەدۆراو دا دەنرێت بە ئەنجامی ( ٣ – سفر ) .

١٢ – یاریزانی یەدەك وەك یاریزانی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت لەکاتی سەرپێچی دا , ئەگەر بەشداریش نەبێت لە یاری مافی یانەی بەرامبەرە پەڵپ بگرێ لەکاتی هەر سەرپێچیەك .

١٣ – هیچ یاریزانێك بۆی نیە بۆ ( ٢ ) یانە لە یەك وەرزدا یاری بکات تەنیا بە بڕیاری گواستنەوەی زستانە نەبێت

١٤ – یاریزانی دەرەوەی هەرێم ئەم شوێنانە دەگرێتەوە کە لە جوگرافیای کوردستان و ( سنووری جوغرافی ١٤٠ ) نین .

١٥ – یاریزانانی کورد لە دەرەوەی عێراق پێویستە ڕەزامەندی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بۆ یاریکردن وەربگرێت , سەرپێچی ئەم فەرمانە یانەکەی تووشی دۆراندن بە ئەنجامی ( ٣ ـ ٠ ) گۆڵ دەکات , ئەگەر ئەنجامەکەی زیاتر بوو گۆڵە زیادەکان وەك خۆی دەمێنێتەوە .

١٦ – پێویستە گۆرەوی یاریزانان لەهەمان ڕەنگی درێسەکانیان بێت یان ڕەنگی گۆرەوەی لە ڕەنگی گۆرەوەی تیپی بەرامبەر جیاواز بێت .

١٧ – یاریزانی کوردی دەرەوەی هەرێم دەتوانن بۆ یانەکانی کوردستان لە خولەکان یاری بکەن .

١٨ – سێ یاریزانی دەرەوەی هەرێم ( پیشەگەر ) دەتوانن بۆ یانەکانی خولی نایاب وپلە یەکی کوردستان یاری بکەن

١٩ – پێویستە سەرجەم یاریزانانی تیپەکانی پلە نایاب وپلە یەك و (ژێر تەمەن ٢٠ و ژێر تەمەن ١٧ ) نایاب وپلە یەك باج تایبەت بە یەکێتی تۆپی پێی کوردستانیان هەبێت , هەر یاریزانێك ناسنامەی نەبێت ماڤی یاریکردنی نابێت

**٢٠ – ڕێگا ئەدرێ بە یانەکان ناوی ( ٥ ) یاریزانی لاوی یانەکەیان بنووسن ( ژێر تەمەن ٢٠ ) لە کشوفاتی یانەکەیان ئەو یاریزانانە ئەتوانن لەهەمان کات بۆ تیپی ( ژێر تەمەن ٢٠ ) یانەکەیان یاری بکەن لەهەمان وەرز، بەلام ناتوانن بگەرینەوە تیپی پێشکەوتوان .**

**٢١ – مەرجە لەسەر یانەکان ناوی ( ژێر تەمەن ٢٠ ) یاریزانی لە کشوفاتی یانەکەیان بنووسن**

٢٢ – هەر یاریزانێك تەمەنی خۆی چاککردبێتەوە بەبڕیاری دادوەر بۆی نیە بەشداری بکات لە خولەکانی **( ژێر ٢٠ ساڵ و ژێر ١٧ ساڵ و ئەکادیمیەکان )** , بە پێچەوانەوە تیپەکەی بەدۆڕاو دادەنرێت **( ٣ ـ ٠ )** گۆڵ **( ئەگەر ئەنجامەکە لەوە زیاتر بێت وەك خۆی دەمێنێتەوە )** .

٢٣ – ڕێگەدان لە خولی کوردستان ژێر تەمەن **( ٢٠ ـ ١٧ )** ساڵ بەهێنانی یەك یاریزان لە دەرەوەی هەرێم بۆ یاریکردن لە خولەکانی کوردستان بەمەرجێك دانشتووی شارەکە بێت , وەپاسەپۆرتی هەبێت یان ڕەزامەندی نشینگەی ئەم شارەی هەبێت

٢٤ – دەستبەردانبوون نابێت هیچ مەرجێکی تیادا ئاماژە پێکرابێت , یەکێتی تۆپی پێی کوردستان گوێڕایەڵی هیچ مەرجێك نابێت .

٢٥ – هەر یاریزانێك وەرزێك بۆ هیچ یانەیەك یاری نەکردبێ لە وەرزی داهاتوو ئازادە بۆ هەر یانەیەك یاری بکات .

٢٦ - هەر یاریزانێك لە وەرزێك بە هیچ شێوەیەك یاری بۆ تیپی یانەکەی نەکات هەر چەندە ناوی لە لستی یاریزانان **(کشوفات )** هەبێت ئەوا لەوەرزی داهاتوو یاریزانەکە ئازاد دەبێت .

٢٧ – گواستنەوەی یاریزانانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بە دەستبەردار **( استغنا )** دەبێت بۆ وەرزی داهاتوو .

٢٨ – یاریزانانی تیپی پێشکەوتوان گەر یارییان بەکرداری بۆ یانەکەیان ئەنجام دابێت , بەهیچ شێوەیەك بۆیان نییە لە ریزی ژێر تەمەن ( ٢٠ و ١٧ ) یاری بکەن .

٢٩ – سەرجەم یاریزانان کە یانەکانیان لە چالاکییەکانی تۆپی پێی کوردستان پاشەکەشە دەکەن بەپێی رێنماییەکان یاریزانەکان ئازادن لە یاری کردن بۆ هەر یانەیەك , لەهەمان وەرز.

٣٠ – هەر یاریزانێك بانگهێشتی هەڵبژاردەکانی کوردستان بکرێت وبەبێ هۆ بەشداری نەکات , سزادەدرێت

أ – یاریزانەکە بۆماوەی یەك وەرز سڕ دەکرێت .

ب - پێ بژاردنی  بە بڕی ( ١ ) **یەك ملیون دینار** .

٣١ – هەریاریزانێك ناوی لەدوو یانە هەبێت خۆی یەکلانەکردبێتەوە لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان وئاگاداری لیژنەی پێشبرکێکانی نەکردبێت ( **جگە لە گواستنەوەی زستانە** ) دوای گرتنی پەڵپ ( **اعتراز** ) یانەکەی بەدۆڕاو بە ئەنجامی ( ٣ ـ ٠ ) گۆل هەژمار دەکرێت , یاریزانەکەش سزاو پێ بژاردن دەکرێت .

٣٢ – بۆ دیاریکردنی یاریزانی دەرەوە وناوەوەی هەرێم وناوچەی جێ ناکۆکەکان لە سەرووی راستی رووی یەکەمی ناسنامەکە سەیری ناوی شوێنی ئەم فەرمانگەیە دەکرێت کە ناسنامەی باری شارستانی لێ دەرچووە . بەهیچ شێوەیەك سەیری شوێنی لەدایك بوونی یاریزانەکە ناکرێت .

٣٣ – مەرجە لەسەر درێسی یاریزانان ( **لە دەستی راست** ) لۆگۆی تایبەت بە خولەکان هەبێت , بە پێچەوانەوە یاریزان مافی بەشدارکردنی لەیاری نابێت , ئەگەر تیپەکە بەگشتی لۆگۆیان نەبێت , یاری ئەنجام نادرێت وتیپی بەرامبەر بەئەنجامی ( ٣ ـ ٠ ) گۆڵ براوە بێت .

## بەندی چوارەم

## ڕێکخستنی یارییەکان

١ – ئەبێت تیپەکان ( یاریزان - ڕاهێنەران – کارگێری تیپ ) پێش دەسپێکردنی یاری بە ( ٩٠ ) خولەك ئامادەی یاریگا بن .

٢ – لە لیستی یاری ( ٢٠ ) یاریزان ناونووس دەکرێت .

٣ – لە ناوچەی هونەری ( ١٦ ) کەس مافی دانیشتنیان هەیە ئەوانیش :

أ – سەرپەرشتیاری تیپ

ب – بەرێوەبەری تیپ

ج – ڕاهێنەر

د – دوو ( ٢ ) یاریدەدەری ڕاهێنەر .

ه – ڕاهێنەری گۆڵپارێزان.

و – چارەسەرکاری پزیشکی .

ز – کارگوزار .

ل – ( ٩ ) یاریزانی یەدەگ .

٤ – لەکاتی تەواو بوونی لستی ناوی یاریزانان و تەسلیم کردنی بە ناوبژیوانان ، بەهیچ جۆرێك دەستکاری لیستەکە ناکرێ تەنها :-

أ – ئەگەر یەکێك لە یاریزانی سەرەکی نەیتوانی بەشداری لە یاری بکات بەهۆی باری تەندروستیەوە ، ئەکاتە دەتوانن بە یاریزانێکی تر بگۆرێت بەمەرجی ناوی لە لستی یارییەکە هەبێت ( یاریزانانی یەدەگ ) ، لەهەمان کات یانەکە دەتوانێت بە زیادکردنی یاریزانیك بۆ لستی یاری کە ناوی لەکشوفاتی یانەکەی هاتبێت ، یاریزانی گۆڕاو ناتوانێ لە گەل تیبەکەی لە شوێنی یەدەك دابنشێ .

ب – ئەگەر یەکێك لە یاریزانە یەدەگەکان ( ٩ یاریزانی یەدەگ ) نەیتوانی بەشداری لە یاری بکات بەهۆی باری تەندروستیەوە ، ئەکاتە دەتوانن بە یاریزانێکی تر بگۆرێت بەمەرجی ناوی لە کشوفاتی یانەکەی هەبێت .

٥ – به هیچ جۆریك نابێت ناوی یاریزانێك تۆمار بكرێ له لستی یاری ئەگەر ئەو یاریزانی له یاریگا نەبێت ، به پێچەوانەوه ئەو یانەیه پێ بژار دەكرێت به ( یەك ملیون دینار ) .

٦ – پێویسته سەرجەم سەرپەرشتیاران وبەرێوەبەری هونەری یاریزانان وراهێنەران ویاریدەدرانی راهێنەر وپزیشك ویاریدەدری پزیشك ( چارەسەركار ) وكارگوزارو یاریزانان باجی تایبەتی یەكێتی تۆپی پێی كوردستانیان له ملدابێت , گەر نا مافی دانشتنی شوێنی تایبەتیان له نێو یاریگادا نابێت

٧ – نابێت یاریزان یاری له تیبەكان یان یارییەكانی سەر به یەكێتیه وەرزشیەكانی تر بكات ، به پێچەوانەوه تیپەكەی به دۆراو هەژمار دەكرێت و پێ بژاردنی به برِی ( ١ ملیون دینار ) .

٨ – هەر یاریزانێك سزا بدرێت لەلایەن یانەكەی ویەكیتیٚ تۆپی پێی كوردستان پەسەندی كرد , ئەو یانەیه ناتوانێت داوای لابردنی سزاكه بكات تاكوو ماوەی سزاكه تەواو دەبێت .

٩ – دیاریكردنی ژمارەی درێسی یاریزانان له ژماره یەك ( ١ ) بۆ ژماره نەوەد ونۆ ( ٩٩ ) دەبێت . پێویسته ئەم ژمارانه لەسەر درێسەكان به دوورین یان نووسین بێت بەروون و ئاشكرایی ببینرێت ، بەهیچ شێوەیەك نابێت ژمارەكه به لزگه لێ بدرێت .

١٠ – هەر یاریزانێك بۆند له گەلٚ دوو یانه لەیەك كاتدا ئەنجامبدات , یەك وەرز رِادەگیری .

١١ – هیچ یاریزانێك ناتوانێت بەشداری یارییەكان بكات ئەگەر ناوی له لیستی ( كشوفات ) یانەكه نەبێت ، به پێچەوانەوه ئەو یانەیه ئەویانەیه به دۆراو هەژمار دەكرێت به ئەنجامی ( ٣ – سفر ) وپیٚ بژاردن دەكرێت به ( ٢ ملیون دینار ).

١٢ - یەكێتی تۆپی پێی كوردستان بۆی هەیه هەر سزایەك بدات كەلەم پەراوه نەهاتووه .

## بەندی پێنجەم

## کشانەوە وتەواونەکردنی یارییەکانی خول

**١ – لەسەر یانەکانە هەموو یارییەکان ئەنجام بدات**

**٢ – ئامادە نەبوونی یانە بەبێ پاساوو کەمی ژمارەی یاریزانان لە رووی یاساییەوە ئەم بڕیارانە دەیانگرێتەوە :**

**أ – ئەو یانەیەی بە بێ پاساو دوا بکەوێت لە کاتی یاری بە (١٥ خولەك ) بە دۆڕاو دادەنرێت بە ئەنجامی ( ٣ ـ ٠ ) گۆل لەگەل پێ بژارکردنی بە ( ٢ ملیون دینار )**

**ب – ئەو تیپەی ژمارەی یاریزانانی لە (٧ یاریزان ) کەمتر بێت لە کاتی یاری بەهەر هۆیەك بێت بە ئەنجامی ( ٣ ـ ٠ ) گوڵ بە دۆڕاو دادەنرێت ئەگەر هاتوو ئەنجامەکە زیاتر بوو ئەوە وەك خۆی دەمێنێتەوە .**

**٣ – هەر یانەیەك لە سەرەتاکانی خولەکە پاشەکشە بکات , سەرەتا دوای چاوەڕوانی بۆ ( ٣ ) یاری دواتر تەواوی ئەنجامەکانی دەسڕیتەوە .**

**٤ – هەر یانەیەك لە چالاکییەکانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان پاشەکشە بکات , هیچ یانەیەکی تر شوێنگرەوەی نابێت ، ئەگەر دوو یانە یان زیاتر پاشەکشە بکات ، یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بڕیاری لەسەر دەدات .**

**٥ – لە ساتی پاشەکشەی هەر یانەیەك لەکاتی یاریکردندا :**

**أ – ئەنجامەکە بۆ ( ٣ ـ ٠ ) گۆڵ هەژمار دەکرێت ( گەر ئەنجامی گۆڵە تۆمارکراوەکان لە ( ٣ ) گۆڵ کەمتر بێت , بەلاٚم لەو کاتەی ئەنجامەکە لە ( ٣ ) گۆل زیاتر بوو ژمارەی گۆڵە تۆمارکراوەکان بە زیادەوە وەکوو خۆی هەژمار دەکرێت .**

**ب – ئەو یاریزانانەی گۆڵیان تۆمارکردووە بۆ پێشبڕکێی گۆڵکار گۆڵەکانیان بۆ هەژمار دەکرێت .**

**تێبینی // ئەگەر پاشەکشەی هەر یانەیەك بە ئەنقەست بوو یان لە بەرژەوەندی یانەیەك بوو ئەوا بە یاریکردن بە ئەنجامەکان هەژمار دەکرێت و ئەو یانەیە دوور دەکرێتەوە لە چالاکیەکانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بووٚ ماوەی ( ٣ ساڵ ) لەگەل پێ بژارکردنی بە ( ١٥ ملیون دینار )**

## بەندی شەشەم

## دەستەی هونەری و کارگێری

١ – دەستەی کارگێری یانەکان بۆیان نییە وەك راهێنەر یان یاریزان لە خولەکانی کوردستان بەشداری بکەن

٢ – لەخولی نایاب و پلە یەکی ودووی کوردستان مەرجە ڕاهێنەری یەکەم بروانامەی ئاسیوی ( C ) بەسەرەوەی هەبێت .

٣ – ئاگادار کردنەوەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە گۆڕین و دوورخستنەوەی هەر راهێنەرێك وستافی هونەری بەنووسراوی فەرمی .

٤ – یەك کەسی دەستەی هونەری لەناوچەی هونەری دەتوانێ ڕێنمایی بداتە یاریزانان بە مەرجێك ناوی لە لیستی یاری هەبێت

٥ - راهێنەری سزادراو گەر سزاکەی لە مانگێك زیاتر بێت مافی بەشداری کردنی لە هیچ خولێکی مەشق و راهێنان نابێت .

٦ – سزای سەپێندراوی سەر راهێنەرو سەرپەرشتیاروکارگێری تا تەواو نەبێت بۆی نیە لە چالاکییەکان بەشداری بکات

٧ – تەنها ئەندامانی دەستەی کارگێری هەڵبژێردراو یان سکرتێر یان دارایی کەبەفەرمی بە نوسراوی بەرێوەبەرایەتی گشتی وەرزش ولاوان دەستنیشان کراون بۆیان هەیە بەدواداچوون بۆ کارەکانی یانەکەیان لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بکەن , بە پێچەوانەوە کارەکانیان جێ بەجێ ناکرێت .

٨ – سەرپەرشتیاری تیپەکان پێویستە ئەندامی دەستەی کارگێری هەڵبژاردراوی یانە یان یاریزانێکی دێرین یان ناوبژیوان یان راهێنەر بووبێت , بە پێچەوانەوە لەکاتی یاریدا مافی ئامادەبوونی لە نێو یاریگا و سەرپەرشتیکردنی تیپەکەی نابێت

١٠ – پێویستە یاریدەدەری راهێنەری نایاب وپلە یەك وراهێنەرانی پلە دوو وفوتسالی کچان و خولەکانی ژێر تەمەنی (٢٠ـ ١٧ ) ساڵ بروانامەی باوەر پێکراویان هەبێت .

١١ – دەستەی هونەری تیپ وسەرپەرشتیار یان بەرێوەبەری تیپ گەر بە بڕیاری ناوبژیوان کرایە دەرەوە لە یاری داهاتووی تیپەکەی بەهەمان شێوەی یاریزان ئامادەی یاری نابن وسزای دارایی دەدرێن .

١٢ – پێویستە چارەسەرکار یان یاریدەدەری پزیشك بروانامەی باوەرپێکراوی هەبێت , یان خولی تایبەتی تایبەتمەندی بە چارەسەری تەندروستی کردبێت .

١٣ – ستاڤ هونەری لە ڕاهێنەران وياريدەران ناتوانن وەك ياريزان لە هيچ خولێك بەشداری بكەن جا بۆ هەر يانەو تيپێك لە وەرزێكدا بێت .

١٤ – هەر پەيوەنديدارێك بە تايبەت ستاڤ سەرپەرشتی و كارگوزارو دەستەی هونەری وياريزانان هەڵسوكەوتی دوور لە گيانی وەرزشی لە نێو ياريگا ئەنجام بدات ... گەر لەلايەن سەرپەرشتيار يان دەستەی ناوبژيوانان نەبينرا يان هەستی پێ نەكرا بەڵام بە بوونی بەڵگەی ڤيديۆيی يان فۆتۆيی يا هەر بەڵگەيەكی ديكەی سەلمێنراو هەبێت ئەوكات لە لايەن يەكێتی تۆپی پێی كوردستان پەيوەنديدارەكە سزا دەدرێت .

١٥ - سەرجەم ستاڤ هونەری يانەكانی پلە ناياب وپلە يەكی كوردستان پێويستە بڕوانامەی ڕاهێنەرايەتی (B – A - C) بە پێچەوانەوە ماڤی ڕاهێنەرايەتی كردنيان نابێت .

١٦ – هەر ڕاهێنەرێك يان ياريزانێك دوای ئەنجامدانی ياری لێدوانی نادروست ونابەجێ لەسەر دەستەی ناوبژيوانان بدات سزا وپێ بژاردن دەكرێت

١٧ – بە هەموو شێوەيەك بەكارهێنانی مۆبايل وكامێرای فۆتۆ لە لايەن سەرپەرشتيار و ستاڤ هونەری وياريزانانی يەدەكی تيپەكان قەدەغەيە , بە هيچ شێوەيەك نابێت بەكار بهێنرێت , پێويستە سەرپەرشتياری ياری بڕيارەكە بە ووردی جێ بەجێ بكات , بە پێ چەوانەوە لەياريگا دوور دەخرێتەوە.

١٨ – دەستەی كارگێری يانەكان بەرپرسيارن لە پارێزگاری كردنی تيپی ميوان لە هاتن وچوونی نێو ياريگاو بەڕێكردنی تيپی مێوان لە دوای كۆتايی هاتنی ياری بۆ دەرەوەی شار .

١٩ – ڕاهێنەرانی تيپەكانی خولەكانی كوردستان لە هەمان يانەدا لەيەك وەرز تەنها دەتوانن لەيەك تيپ ئەركەكانيان ئەنجام بدەن , بۆيان نيە لەهەمان يانە لەجارێك زياتر وەكو ڕاهێنەر بەردەوام بن . بەڵام لەهەمان وەرز لە يانەيەكی ديكە دەتوانێت ئەركی ڕاهێنەرايەتی بكەن .

٢٠ – هەر ياريزانێك يان دەستەی ڕاهێنەران يان كارگێری تيپ دوربخرێتەوە لەلايەن ناوبژيوانی ياری بۆی نيە لەسەر كورسی يەدەك لە گەل تيپەكەی دابنشێ ئەبيت ياريگا بەجێبهێڵێت

٢١ – ئەگەر كەسێك ( يان زياتر) لە ئەندامانی يانەكە (كارگێری - جەماوەری ) تيپەكە ئامادە نەبوو شوێنی يەدەگ يان ياريگا جێبهێڵێت دوای ئاگاركردنەويان لەلايەن ناوبژيوان يان سەرپەرشتياری ياری ، ئەو يارييەكە تەواو دەكرێت و تيپەكەی بە دۆڕاو هەژمار دەكرێت بە ئەنجامی ( ٣ – سفر ) لەگەل پێ بژاردنی بە ( يەك مليون دينار )

## بەندی حەوتەم

## سەرپەرشتیارو هەڵسەنگێنەر

### ١ - سەرپەرشتیاران

- پێویستە سەرپەرشتیاری یاری شارەزایی تەواوی هەبێت لە یاساو ڕێنماكانی تۆپی پێی .
- دەست پاك و دادوەری وبێ لایەنانە سەیری تەواوی تیپەكان بكات .
- چاوی یەكێتی تۆپی پێی كوردستان بێت لە گەیاندنی ڕاستیەكان و ڕووداوەكانی یاری ویاریگا ڕەوشتی یاریزانان و دەستەی ڕاهێنەران سەرپەرشتیاری تیپەكان وئامادەبوانی یاریگا .
- لە كەش و هەوای نالەباری وەك باران وبەفر .. هتد پێویستە پێش دەستپێكردنی یارییەكە بە ( ٣ ) سەعات لە نێو یاریگا ئامادە بێت .
- – شارەزایی هەبێت لە بەكارهێنانی كۆمبیوتر
- - چاودێری ڕەوشی ئەمنی وپاریزگاری یاریگا كۆنترۆلكردنی یاریگا بەتوندو تۆلی بكات .

٧ - بەرپرسە لەگەل ناوبژیوانی چوارەم لە جێ بەجێ كردنی هەلگردنی باج و ناسنامەی تایبەت بە یاریزانان و دەستەی ڕاهێنەران . بوونی لۆگۆی تایبەت بە خولەكە لەسەر درێسی یاریزانان .

٨ - ڕێكخستنی یاریگا **( ڕێنمایی بە پیاوانی پۆلیس و منداڵانی  تۆپ هێنانەوە و هەلگرانی یاریزانی پێكاو ).**

٩ - پشكنینی یاریگا و شوێنی خۆگۆڕینی دەستەی ناوبژیوانان و ژووری خۆگۆڕینی تیپی میوان. شوێنی وەستانی سەرپەرشتیارو ناوبژیوانی چوارەم لە یاریگا.

١٠ - چاودێری ئامادە بوونی پیاوانی پۆلیس .

١١ - بەرپرسە لەگەل ناوبژیوانی چوارەم لە پشكنینی سەرجەم یاریزانان بەتایبەتی نینۆكی درێژو ئەنگوستیلەو هەرشتێكی بریندارکار بەتایبەتیش لەكاتی گۆڕانكاری یاریزانانی یەدەگدا .

١٢ - قەدەغەكردنی ئامادەبوونی هەركەسێك لە نێو یاریگا , جگە لە فۆتۆگرافەران .

١٣ – پێداویستەكانی یاریگا.**( ئاڵای گۆشەكان – منداڵانی تۆپ هێنانەوە – هەلگرانی یاریزانانی پێكراو – پیاوانی پۆلیس و ئەمبوڵانس  هێلكاری یاریگا )**

١٤ – ئامادەبێت لە یاریگا پێش دەستپێكردنی یاری بە **( ٢ ) كاتژمێر** .

١٥ – چاودێری تیپی میوان لە هاتن و گەڕانەوە .

١٦- بۆ گەیاندنی ئەنجام وررووداوەکانی یاری پێویستە دوای تەواوبونی یاری پەیوەندی بە لیژنەی سەرپەرشتیاران لەیەکێتی تۆپی پێی کوردستان بکات.

١٧- پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان راپۆرتی رووداوەکانی یاری بە زووترین کات رەوانەی بارەگای یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بکات .

١٨ – سەرپەرشتیار بەرپرسە لە هەبوونی لۆگۆی تایبەت بە خولەکە بە ڕوونی وبە ئاشکرایی لەسەر درێسی یاریزانەکان , هەبوونی لۆگۆی تایبەت بە خولەکە ئیجباریە .

١٩ – لەکاتی پشووی نێوان دوو گێمی یاری سەرپەرشتیارییاری هیچ ئامۆژگاری پێشکەش بە ناوبژیوانان نەکات بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئاستی یاری نەبێت چونکە نیوەی یاری لە پێش ماوە .

٢٠ – بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر بڕیارە نوێیەکان وسزا و پاداشتەکان پێویستە هەفتانە چاودێری بڕیارەکانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بکات .

٢١– ئاگاداری تەواوی سەرجەم گۆرانکارییە هەنووکەییەکان بێت , نامێلکە **( پەڕاو )** بخێنێتەوە .

٢٢ – ناردنی ڕاپۆرت بەشێوەی ئەلکترونی لە ماوەی **( ٢٤ ) کات ژمێر**.

## – هەڵسەنگێنەر

١- پێویستە هەڵسەنگێنەری ناوبژیوانان شارەزایی تەواوی هەبێت لە یاسای تۆپی پێی نێودەولەتی .

٢- چاودێری وهەڵسەنگاندنی وخوێندنەوەی دروست وراستگۆیانە لەسەر ئاستی دەستەی ناوبژیوانان .

٣ - لە کەش و هەوای نالەباری وەك باران وبەفر . هتد پێویستە پێش دەستپێکردنی یارییەکە بە **( ٣ ) سەعات** لە نێو یاریگا ئامادە بێت .

٤ - لەگەل ناوبژیوانی چوارەم چاودێری شوێنی دانشتنی یاریزانانی یەدەگ **( ناوچەی هونەری ).**

٥ - هاوکاری ناوبژیوانی چوارەم لەکاتی گۆڕانکاری یاریزانان.

٦- نووسینی ڕاپۆرت و پڕکردنەوەی بەڕوون و دروستی.

٧- چاودێری لە تەواوی پێداویستی یاریزانان لەگەل وپەلی یاریزانان .

٨ - لە ڕاپۆرتەکەی هەڵەو کەم وکوڕی ناوبژیوانان دەخاتە روو.

٩- پارمەتی ناوبژیوان بدات لە دروستی و ئامادەی یاریگا .

١٠- پەلە نەکردن لە راپۆرت نووسین تا دڵنیابوون لەکەم وکوڕی دەستەی ناوبژیوانان.

١١- ئامادەبێت لە یاریگا پێش دەستپێکردنی یاری **بە ( ٢ ) سەعات**.

١٢- خوێندنەوەی ئاستی ناوبژیوانان لەدوای یاری بەشێویەکی باش .

١٣- هاوکاری وهەماهەنگی بەردەوام لەگەل سەرپەرشتیاری و دەستەی ناوبژیوانانی یاری .

١٤- بۆ گەیاندنی ئەنجام ورووداوەکانی یاری پێویستە دوای تەواوبونی یاری پەیوەندی بە لێژنەی هەڵسەنگێنەران لەیەکێتی تۆپە پێی کوردستان بکات.

١٥- پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان راپۆرتی رووداوەکانی یاری بە زووترین کات ڕەوانەی بارەگای یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بکات .

١٦- ئاگاداری تەواوی سەرجەم گۆرانکارییە هەنووکەییەکان بێت , پەڕاوی **( پەڕاو )** بخێنێتەوە .

١٧- ئاگاداری راسپاردەو بڕیارەکانی هەفتانەی کوبونەوەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بێت .

١٨- ئاگاداری و بەدواداچوونی ئەو حالەتانە بێت کە لە کاتی یاری رووئەدات لە رێی ئەو ڤدێویانەی کە لە کەناڵەکانەوە بلاوئەکرێنەوە .

١٩ - شارەزایی هەبێت لە بەکارهێنانی کومبیوتر

٢٠ – ناردنی ڕاپۆرت بەشێوەی ئەلکترونی لە ماوەی **( ٢٤ ) کات ژمێر** .

## بەندی هەشتەم

### یاریگاکان

١ – هەر یانەیەك گەر یاریگای شیاوی نەبوو پێویستە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ئاگادار بکاتەوە بە هەماهەنگی یاریگایەك بۆ یاریکردن دەستنیشان بکەن .

٢- بۆگۆڕینی یاریگا پێویستە نوسراوی فەرمی لە کۆبونەوەی ئاسایی یەکێتیەکەمان داوا بکرێت .

٣ - پێویستە هەر یانەیەك یاریگای یەدەگی هەبێت , وبەنووسرواوی فەرمی پێش دەسپێکی خول پێشکەش بکرێت , ولەکاتی کەش وهەوای نالەبار ئامادەی بکات تاوەکو یارییەکانی تیایدا ئەنجام بدرێت مەرجە چیمەنی دەستکرد بێت .

٤ - قەدەغەکردنی هەڵدانی هەموو جۆرە یارییەکی ئاگرین لە نێو یاریگاکان ئەویش بە هۆی ترسناکی و ناتەندروستی بەکارهێنان ونانەوەی کێشە لە نێو یاریگا وجەماوەر ... هەڵدانی یاری ئاگرین لە نێو یاریگاو جەماوەر سزای توندی بەدواوە دەبێت , وەبەکارهێنانی بڵندگۆ لەکاتی یاری قەدەغەیە سەرپێچکاری یانەکە سزا دەدرێت , تەنها پێش یاری ودوای یاری دەتوانرێت بۆ حالەتی پێویست بڵندگۆ بە کاربهێنرێت .

٥ - بەهیچ شێوەیەك رێگا بە پیاوانی پۆلیس نادرێت بە چەکەوە بێنە نێو یاریگاکان .. ئەم ئەرکەش بە پۆلیسی چالاکییە مەدەنیەکان رادەسپێنرێت .

٦ – پێویستە سەرجەم یانەکان یاریگای شیاویان هەبێت بۆ ئەنجامدانی یاری , یاریگاکانیشیان پەیژەو شوێنی دانشتنی هاندەرانی هەبێت , لەگەل جێگای تایبەت بە ڕاگەیاندنکاران .

٧ – لێژنەی سەرپەرشتیاری دەستنیشانکردنی شایستەی یاریگاکان ... یاریگاکان بەسەر دەکەنەوە سەرپشکن بە گوێرەی یاساکان بۆ پێدانی رێنمایی ودەربرینی رەزامەندی لە یاریگاکەدا لە دیاری کردنی بەرێوە چوونی یاری یان نا .

٨ – لەخولی پلە دوو  گەر یاریگای ئەو یارییەی تیادا ئەنجام دەدرێت لە سنووری ئیدارەی هەمان شاروو قەزاو ناحیە بێت بە یاریگای خۆیان هەژمار دەکرێت بۆ ئەنجامدانی یاری داهاتووی هەمان دوو تیپی ئامازەپێکراو تیروپشك ئەنجام دەدرێت

## بەندی نۆیەم

### یارییەکان

١ – لیژنەی پێشپرکێکان لەیەکێتی تۆپی پێی کوردستان بەرپرسە لەدانانی خشتەی یارییەکان ، ئەم لیژنەیە بۆی هەیە گۆرانکاری لەکات و رۆژی یارییەکان بکات لە بەرژەوەندی گشتی بێت

١ - کاتی یاری ( ٩٠ ) خولەکە دابەش دەکرێت بەسەر دوو گێم ، هەرگێمێك ( ٤٥ ) خولە ك ، لە نێوان هەردوو گێمەکان ( ١٥ ) خولەك پشوو دەدرێت .

١ – یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بەهۆی بەرژەوەندی گشتی دەسەلاتی هەیە لە بەرێوەبردنی هەر یارییەك بەبێ جەماوەر یاخود هەر یارییەك لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە بگوازێتەوە .

٢ – یاری دواخراو بەهۆی نالەباری کەش وهەوا یا هەر دۆخێك لەهەمان کاتی بەکۆتاهێنانی یارییەکە بەهەمان تۆماری سزاو یاریزانان وناوبژیوانان و ئەنجام دەستپێدەکاتەوە .

٣ – ئەگەر یاری ئەنجام نەدرا بەهۆی ئامادە نەبوونی دەستەی ناوبژیوانان یارییەکە دوا دەکەوی بۆ ( ٢٤ ) **کاتژمێر** , یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەستەیەکی تری ناوبژیوان دیاری دەکات .

٤– هیچ یارییەك بەبێ رەزامەندی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دواناخرێ .

٥ – ئەگەر هەر یارییەك تەواو نەکرا , بەهۆی هاتنە ژوورەوەی جەماوەر بۆ نێو یاریگا , ناوبژیوان یارییەکە تەواو دەکات بەهەماهەنگی لەگەل سەرپەرشتیاری یاری , وراپۆرتی تایبەت بۆ یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بەرزدەکەنە وە ، ئەو یانەنەی خاوەن ئەوجەماوەرەیە بەدۆراو هەژمار دەکرێت بە ئەنجامی ( ٣ – سفر ) لەگەل پێ بژارکردنی بە ( ٢ ملیون دینار ).

٦ – بەهۆی گیان لەدەستانی هەر راهێنەرێك یان یاریزانێك یان یەکێك لەدەستەی ناوبژیوانان :

أ – ئەگەر پێش رۆژیك پێش یارییەکە بێت بۆ ماوەی ( ٤٨ ) **سەعات** یارییەکە دوادەخرێت .

ب – ئەگەر لە کاتی بەرێوە چوونی یارییەکە بوو , یارییەکە کۆتایی پێ دەهێنرێت , یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کات وساتی بۆ دیاری دەکات .

٧ – ئەگەر یاری تەواو نەکرا بەهەر هۆیەك بێت , دوای لێکولینەوە دەرکەوت یەکێك لە **( راهێنەر یان یاریزان یان دەستەی کارگێری یان جەماوەر ) ی** یانەیك هۆکاری تێك چوونی یارییەکە بووە , یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بۆی هەیە ئەویانەیە بە دۆراو هەژمار بکات بە ئەنجامی ( ٣ ـ ٠ ) گۆلْ ئەگەر گۆلْەکان زیاتر بێت ئەنجامەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە لەگەل غەرامەکردنیان .

٨ – ئەبێت يارييەكان لەكات و ساتى كەلەلايەن يەكێتى تۆپى پێى كوردستان ديارى كراوە ئەنجام بدرێت

٨ – لەكاتى پێويست هەموو يارييەكان لەيەك كات ئەنجام دەدرێت .

٩ – ئەگەر يەكێتى تۆپى پێى كوردستان بڕيارى دا بە ئەنجامدانى يارى بە بێ ئامادەبوونى هاندەران بەهەر هۆيەك بێت ، ئەبێت يانەكان پابەندى بڕيارەكە بن ، بەپێچەوانەوە ( ١٥ ) خولەك ئەدرێ بە دەركردنى هاندەران ئەگەر نەيان توانى ئەوا تيپى خاوەن هاندەران سزا ئەدرێت بە ئنجامى (٣ – سفر ) وپێ بژاركردنى بەبڕى ( ١ مليون دينار )

١٠ – يەكێتى تۆپى پێ كوردستان بۆى هەيە يارييەكە دوابخرێت يان ئەنجام نەدرێت بەهۆێكى نەخوازيار بۆ (٢٤ كاتژمێر ) پێش دەس پێكردنى يارييەكە

١١ – ئەگەر يارى ئەنجام نەدرا دواى ( ٢٤ ) كاتژمێر ، كات و ساتى يارييەكە لەلايەن يەكێتى تۆپى پێى كوردستان دەستنيشان دەكرێ .

١٢ – لەكاتى بڕيارى تەواو نەكردنى وەرز پێش كۆتايى يان دواى تەواو كردنى قوناغى دووەم وپێش دەستپێكردنى قۆناغى دووەم ، پاڵەوانى خول يان دابەزينى هيچ يانەيەك دەستنيشان ناكرێ وە ريزبەندى يانەكان هەژمار ناكرێ

١٢ – لەكاتى بڕيارى تەواو نەكردنى وەرز دواى دەستپێكردنى يان لە ناوەراستى قۆناغى دووەم ، ئەوكاتە ريزبەندى يانەكان هەژمار دەكرێت بەمەرجێك هەموو يانەكان هەمان ژمارەى يارييەكانيان ئەنجام دابێت بەپێچەوانەوە خولەكە هەڵئەوشێتەوە بەبێ دەستنيشان كردنى پاڵەوان و دابەزينى يانەكان .

٩ – بەبێ رەزامەندى يەكێتى تۆپى پێى كوردستان هيچ دەزگايەك لە نێو ياريگادا بۆى نيە رێزلێنان وخەلآت بۆ ياريزانان وهونەرمەندان ساز بكات

١٠ – هەر يارييەك تەواو نەكرا بەم شێوەيە دەبێت :

أ – كارتە سوورو زەردەكاننى ياريزان وەك خۆى دەمێنێتەوە ئەگەر يارييەكە دووبارەش نەبێتەوە

ب – ئەگەر يارييەكە دووبارە كرايەوە ئەويارييە بەيارى كردارى هەژمار ناكرێ ( كارتى زەردو سوورەكان وەك خوى تۆمار دەكرێ لەسەر ياريزانەكان ) .

ج – ئەگەر ئەنجامى يارييەكە لەبەرژەوەندى يەكێك لە يانەكان هەژمار بكرێت ئەو يارييە بە يارى كردارى دادەنرێت

١١ – سزاى كارگێرى لە هەموو چالاكييەكانى يەكێتى تۆپى پێى كوردستان كارى پێ دەكرێت .

١٢ – ئەندامانى يەكێتى تۆپى پێى كوردستان لەسەر رەوشى يارى وناوبژيوانان وياريزانان ودەستەى هونەرى وسەرپەرشتياران وجەماوەر وياريگا چاودێرى يارييەكان دەكەن .

١٣ - هەر يانەيەك بەشدار بێت لە خولەكانى عيراق يارييەكەى دوادەخرێت بۆ روزى دووەم

## بەندی دەیەم

## دیاریکردنی تیپی براوە

١ – تیپی براوە سێ ( ٣ ) خاڵ وەردەگرێت ـ یەك ( ١ ) خاڵ بۆ بەرامبەر بوون ,دۆراویش هیچ خاڵ وەرناکرێت .

٢ – ئەوتیپەی زۆرترین خاڵ کۆبکاتەوە یەکەمی پاڵەوانیەتیەکە دەبێت , بەڵام گەر دوو تیپ ژمارەی خاڵەکانیان وەکو یەك بوو ئەوا ئەم خالأنەی خوارەوە بۆ دەست نیشانکردنی یانەی پێشەنگ پەیڕەو دەکرێت .

أ – تێروانین لە ئەنجامەکانی یارییەکانی نێوانیان , ئەو یانەی لە ئەنجامی یاری نێوانیان زۆرترین ژمارەی خاڵی کۆ کردبێتەوە بە بردنەوەی لە دوو یارییەکە لە تیپی بەرامبەر یاخود بە بردنەوە وبەبەرامبەر بوونێك لەگەل یانەی بەرامبەری ئەوا لە پێشەنگ دادەنرێت بۆ نموونەە تیپی (A) لەیاری یەکەم ودووەم لەیانەی (B) دەباتەوە بەسەرکەوتوو دادەنرێت وهەروەها بەهەمان شێوە گەر یانەی (A) لە یەکێك لە یارییەکان نێوانیان بباتەوە ولەوەی دیکەیان بەرامبەر بێت بە سەرکەوتوو دادەنرێت , ئەگەر هەردوو یانەی رکابەر هەر یەکەیان لە یارییەك بردنەوەی بەسەر یانەکەی دیکە تۆمار کرد ئەوا لەم حاڵەتەدا سەیری جیاوازی گۆڵەکانی بردنەوەکانیان دەکرێت , ئەوەی بە زۆرترین ژمارەی گۆڵ بردوویەتەوە ئەوە بە سەرکەوتوو دادەنرێت بۆ نموونە (A) لە یاری یەکەم بە ئەنجامی ( ١ ــ ٠ ) گۆڵ لە تیپی (B) بردەوە لەیاری دووەمیشدا تیپی (B) بە ئەنجامی ( ٢ ـ ٠ ) گۆڵ بردیەوە , ئەوا تیپی (B) بەسەرکەوتوو دادەنرێت .

ئەگەر هەردوو یانەی رکابەر لە یاری نێواناندا ئەنجامەکانیان بە بەرامبەر بوون بە کۆتا هات ئەوە سەیری ئەنجامی جیاوازی بەرامبەر بوونیان لە هەردوو یارییەکە ناکرێت ,بۆ نموونە تیپی (A) لەگەڵ تیپی (B) لەیاری یەکەمدا ( ٠ ـ ٠ ) گۆڵ بەرامبەر بوون , لەیاری دووەمیشدا بە ئەنجامی ( ٢ ــ ٢ ) گۆڵ بەرامبەر بوون ئەوە سەیری ژمارەی گۆڵی تۆمار کراو لە یاریگای یانەکان ناکرێت ,ئەگەر هەر یەکسانی نێوانیان بەردەوام بوو ئەوا بڕگە ( ب ـ ج ـ د ـ ه )

کە لەخوارەوە ئاماژەی پێکراوە پەیڕەو دەکرێت , ئەگەرزیاتر لەدوو تیپ لە ژمارەی خاڵ یەکسان بوون ئەم بڕگانەی خوارەوە پەیرەو دەکرێت :

ب – ئەو تیپە سەرکەوتووە کە لە جیاوازی گۆل بە سافی ( ئەنجامی لێدەرکردنی جیاوازی گۆڵی تۆمارکراو ولێکراو ) زیاتری هەیە

ج – ئەگەر لە جیاوازی گۆڵیش یەکسان بوون ئەوە ئەو تیپەی زۆرترین ژمارەی بردنەوەی تۆمار کردووە بە سەرکەوتوو دادەنرێت .

د – ئەگەر لە ژمارەی سەرکەوتنەکانیانیش یەکسان بوون ئەوە ئەو تیپەی زۆرترین ژمارەی گۆڵ تۆمارکراوەکانی زیاتر بێت بە سەرکەوتوو دادەنرێت .

هـ – ئەگەر جارێکی دیکەش هەر یەکسانبوون ئەوە یارییەکی یەکلاکەرەوە بۆ دەستنیشانکردنی سەرکەوتوو ئەنجام دەدرێت .

تێبینی // ١ - ئەم رێنمایە سەرەوە بۆ تیپەکانی دواوەی ریزبەند بۆ دابەزین و ریزبەندی تیپەکان پەیرەو دەکرێت .

٢ - هەر خولێك ئەگەر بەیەك قۆناغ بەرێوە چوو هەمان رێنمایەکانی برگەی ( ٢ ) ی لەسەر پەیڕەو دەکرێت , بۆ نموونە ئەگەر دوو یانە خالەکانیان وەك یەك بوو دەگەڕێنەوە بۆ سەر یاری نێوانیان ئەو یانەی لە یاریەکە براوە بووە لە رێزبەند پێش یانە رکابەرەکەی دەکەوێت

## بەندی یازدەهەم

## کارتی زەردو سورەکان

١ – هەرياريزانێك سێ كارتی زەردی لەسەر يەك وەرگرد ( متفرقه ) ڕادەگيرێت لەدوای ئەوياریيەی كە كارتی زەردی سێيەمی وەرگرد

٢ – هەر يەكێك لەدەستەی كارگێری و ڕاهێنەران سێ كارتی زەردی لەسەر يەك لەيارييەكان ( متفرقه ) وەرگرد لە هەمان خول ڕادەگيرێت بۆ يەك ياری لەهەمان خول

٣ – هەرياريزانێك كارتی سووری وەرگرد لەياری ، يەك ياری ڕادەگيرێت لەهەمان خول

٤ – هەر ياريزانێك يان يەكێك لە دەستەی هونەری يان ڕاهێنەرانی تيپ دوو كارتی زەردی لە هەمان ياری وەرگرد ، يەك ياری ڕادەگيرێت لەهەمان خول .

٥ – هەری يەكێك لەدەستەی كارگێری وڕاهێنەران كارتی سووری وەرگرد لەياری ، يەك ياری ڕادەگيرێت لەهەمان خول

٦ – لەكاتی تەواو نەكردنی هەر يارييەك يان ئەنجامنەدانی بەهەر هۆيەك بێت ، سزای ڕاگرتنی ياريزان يان يەكێك لە دەستەی هونەری يان ڕاهێنەران لەيەكەم ياری دوای ئەوە كاری پێ دەرێت

٧ – ڕاگيرانی ياريزان يان دەستەی هونەری وڕاهێنەران پەيوەستە بە كۆبونەوەی كارتە زەردەكان يان وەرگرتنی كارتی سوور لە هەمان خول .

٨ - ياريزان ئەگەر لە ياری كارتی زەردی وەرگرت , دوای كارتی سووری وەرگرت , وە دوو كارتی زەرديشی وەرگرتبوو لە يارييەكانی پێشوو , ئەم ياريزانە بۆ دوو ياری يەك بە دوای يەك رادەگيرێت .

٩ – ياريزان ئەگەر كارتی سووری ڕاستەوخۆ يان دوو كارتی زەردی يەك لەدوای يەكی وەرگرت ( دەبێتە كارتی سوور ) لەيەك ياری ڕادەگيرێ ئەوە ئەگەر يەكێتی تۆپی پێی كوردستان بخوازێ سزاكە زياتر بكات ئەم راگيرانە دەبێ ياريزانە دوور خراوەكان بە كردارەكی ئەنجامی بدەن .

١٠ – هەر ياريزانێك كارتی سوور لە لايەن ناوبژيوان وەرگرت ( ياريزانی سەرەكی بێت يان يەدەك ) دوور دەخرێتەوە لە ياريگا وماڤ دانشتنی نيە لەسەر كورسی يەدەگی ياريزانان.

١١ – هەریاریزانێك لەکاتی گواستنەوەی زستانە لەیانەیەك بۆ یانەیەکی تر , هەموو کارتە زەرد یان سوور وئەو گۆڵانەی تۆماری کردوە لەگەل خوی ئەمێنێتەوە ولەیانە تازەکەی کاری پێ دەکرێت .

١٢ – یاریزانی یەدەگ هەمان سزا و بەسەری ئەسپێنرێت لەلایەن ناوبژیوانەوە ئەگەر بەشداری یاری بکان یان نەیکات

١٣ – لە کۆتایی خول هەموو کارتە زەرد و سوورەکان دەسرێنەوە جگە لە سزای کارگێری

١٤ – یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەسەلاتی تەواوی هەیە بۆ سرینەوەی کارتەکان ( سوور یان زەرد ) دوای لێکولینەوە ودڵنیابوون لە رێگای وێنەو فدیوکان .

---

## بەندی دوازدەهەم

## پەڵپ

١ – لەساتی بوونی نارەزایی و پەڵپ :

أ – پێویستە نووسراوی نارەزایی وپەڵپ لە دوای کۆتایی یاری بە ( ٤٨ ) **چل وهەشت** کاتژمێر بگاتە بارەگای یەکێتیەکەمان / لیژنەی پێشبڕکێکان بەنووسراوی فەرمی لەرێگای ئیمێلەوە .

ب – بڕی نارەزایی دەربڕین بۆ پەڵب ( ١,٠٠٠,٠٠٠ ) **یەك ملیون دینارە** ئەگەر هاتوو نارەزایی لەسەر یەك یاریزان زیاتر بوو دەبێتە ( ١,٥٠٠,٠٠٠ ) **یەك ملیون وپێنج سەد هەزار دینار** لەدوای پشکنینی نارەزاییەکە گەر نارەزاییەکە درووست بوو لەسەدا ( ٧٥٪ ) ی پارەکە بۆ یانەکە دەگەرێتەوە .

٢ – ئەبێت لەگەڵ پەڵپ گرتن بڕی ئەو پارەیە کە لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی کوردستان تەرخان کراوە لەکاتی پەڵپ گرتن پێشکەش بکرێت .

٣– ئەگەر هاتوو ئەو رۆژەی دوای یارییەکە پشوو بێت , کاتی پەڵب گرتن لەو رۆژەوە هەژمار دەکری کە دەوامی ئاسایيە

٤ - هەموو بێ بژاردنەکان و پارەی پەڵب گرتن ئەبێت رادەستی ژمێریاری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بکرێ.

## بەندی سێزدەهەم

## تۆماری سزاکان

## یانەکان

١ - لەکاتی نەناردنی لیستی ناوی یاریزانان لەکاتی دیاریکراو , سزادانی یانەکە بەبڕی (٣٠٠ ـ ٥٠٠ هەزار دینار).

٢ – هەر یانەیەك پاشەکشە لەخولەکان بکات , بەم شێوەی خوارەوە مامەڵەی لەگەل دەکرێت .

أ - کشانەوەی یانە پێش ئەنجامدانی تیرِوپشك , دابەزیندانی یەك پلە .

ب - کشانەوەی یانە دوای ئەنجامدانی تیرِوپشك , دابەزاندنی یەك پلە , پێ بژاردنی بە برِی ( ٣ ـ ٥ ملیون دینار )

ج - لەسەرەتاکانی خولەکە پاشەکشە بکات , دوای چاوەروانی بۆ سێ یاری سەرەتا ئەوسا ئەو یانەیە سزادەدرێت بە دابەزینی یەك پلە , پێ بژاردنی بە برِی ( ٤ ـ ٥ ملیون دینار ).

د - کشانەوەی یانە لەقۆناغی یەکەمدا یان لە نیوەی خولەکە , دابەزینی یەك پلە, پێ بژاردنی بە برِی ( ٤ ـ ٥ ملیون دینار )

ه - گەر لە یاری یەکەم یان دووەم پاشەکشە بکات ئینجا بەشداری بکاتەوە یارییەکانی رابردوو لە بەرژەوەندی یانەی بەرامبەر بە ئەنجامی ( ٣ ـ ٠ ) گۆڵ هەژمار دەکرێت , پێ بژاردنی بە برِی ( ١ ـ ٣ ملیون دینار ) بۆ هەر یارییەك

و - ئەگەر نیوەی یارییەکانی ئەنجام دابێت , دواتر پاشەکشە بکات ئەنجامەکانی یاری پیشووتری وەك خۆی دەمێنێتەوە , دواتر سەرجەم یارییەکانی پاشەکشەکە بە ئەنجامی ( ٣ ـ ٠ ) گول بۆ تیپی بەرامبەر هەژمار دەکرێت , دابەزینی یەك پلە , پێ بژاردنی بە برِی ( ٥ ـ ٦ ملیون دینار ) .

م - پاشەکشە لە یاری کۆتاییەکان ( ١ بۆ ٣ یاری ) , ئەگەر کاریگەری هەبێت لەسەر ریزبەندی یانەکان یان لەسەر سەرکەوتن یان دابەزینی یانەیەك یان لەسەر کۆی خولەکە , هەژمارکردنی ئەنجامی یارییەکە ( ٣ ـ ٠ ) گول لەبەرژەوەندی یانەی بەرامبەر , دابەزینی دوو پلە , پێ بژاردنی بە برِی ( ٧ ـ ١٠ ملیون دینار ) .

ك - پاشەکشە لە یاری کۆتاییەکان ( ١ بۆ ٣ یاری ) , ئەگەر کاریگەری نەبێت لەسەر ریزبەندی یانەکان یان لەسەر سەرکەوتن یان دابەزینی یانەیەك یان لەسەر کۆی خولەکە , هەژمارکردنی ئەنجامی یارییەکە ( ٣ ـ ٠ ) گول لەبەرژەوەندی یانەی بەرامبەر , دابەزینی یەك پلە , پێ بژاردنی بە بڕی ( ٥ ـ ٦ ملیون دینار ) , ولە وەرزی نوێ دوو یاری لەدەرەوەی یاریگای خۆی ئەنجام ئەدات .

ن - ئەنجام نەدانی سێ یاری بچڕاو لەقوناغی یەکەم یان دووەم , دابەزینی یەك پلە , پێ بژاردنی بە بڕی ( ٣ ـ ٥ ملیون دینار ) .

٣ - ئامادەنەبوونی یانە بەبێ پاساوو یان کەمی ژمارەی یاریزانان لە رووی یاساییەوە ئەم بڕیارانە دەیانگریتەوە .

أ - ئەو یانەیەی بە پێ پاساو دوا بکەویت لەکاتی یاری بە ( ١٥ خولەك) بە دۆڕاو دادونرێت بە ئەنجامی ( ٣ ـ ٠ ) , پێ بژاردنی بە بڕی ( ٢ ـ ٤ ملیون دینار ) .

ب – ئەو تیپەی یاریزانانی لە ( ٧ یاریزان ) کەمتر بێت لە کاتی یاری بەهەر هۆیەك بە ئەنجامی ( ٣ ـ ٠ ) بە دۆڕاو دادەنرێت ئەگەر هاتوو ئەنجامەکە زیاتر بوو ئەوە وەك خۆی دەمێنێتەوە .

٤ - ئەو یانەیەی بە ئەنقەست یاری بە ئەنجامی یاری دەکات بۆ بەرژەوەندی خۆی یان یانەیەکی دیکە ئەوە لە لایەن یەکێتی تۆپی پێی کوردستانەوە توندترین سزا دەدرێت .

أ - راگرتنی یانەکە بۆ دوو وەرز , دابەزینی بۆ دوو پلە دوای تەواوکردنی سزای ڕاگرتنی ، پێ بژاردنی بە بڕی ( ٧ ـ ١٠ ملیون دینار ).

ب – دوور خستنەوەی هەتا هەتایی ئەو کەسانەی کە دەستیان هەبووە لە یاریکردن بە ئەنجامەکان .

٥ - بەشداری پێکردنی یاریزانی ڕاگیراو یان یاریزانێك ناوی لە لیستی تۆماری یاریزانان نەبوو ( کشوفات ) , ئەو یانەیە سزا دەدرێت بە :

أ - بە دۆڕاو دادەنرێت بە ئەنجامی ( ٣ ـ ٠ ) بۆ تیپی بەرامبەر , ئەگەر هاتوو ئەنجامەکە زیاتر بوو ئەوە وەك خۆی دەمێنێتەوە .

ب – ڕاگرتنی یاریزان بۆ ( ٣ ـ ٤ یاری ) .

ج – پێ بژاردنی یانەکە بە بڕی ( ١ ـ ٣ ملیون دینار ) .

٦ - كەم تەرخەمی لە ئامادەكردنی ياريگا ( ژووری ناوبژيوانان ــ ژووری خۆگۆرينی ياريزانان ــ شوێنی يەدەگ ــ مندالآنی تۆپ هێنانەوە ــ گواستنەرەوە ( **نقالە** ) , يانەكە سزادەدرێت بە :

**أ** – گواستنەوەی ياری داهاتووی بۆ دەرەوەی ياريگای خۆی .

**ب** – پێ بژاردنی بە بڕی ( **٣٠٠ ــ ٥٠٠ هەزار دينار** ) .

 – كەم تەرخەمی لە ئامادەكردنی پۆليس و ئۆتۆمبێلی فرياگوزاری ( **اسعاف** ) , يانەكە بە سزا دەدرێت بە پێ بژاركردنی بە بڕی ( **٥٠٠ هەزار ــ يەك مليون دينار** ).

٨ – لە ساتی پاشەكشەی هەر يانەيەك لەكاتی ياريكردندا , سزا دەدرێت بە :

**أ** – ئەنجامەكە بۆ تيپی بەرامبەر هەژمار دەكرێت بە ( **٣ ــ ٠** ) ، ئەگەر ئەنجامەكە لە ( **٣** ) گول زياتر بوو ژمارەی گۆڵە تۆماركراوەكان بە زيادەوە وەك خۆی هەژمار دەكرێت .

**ب** – پێ بژاردنی بە بڕی ( **٢ ــ ٤ مليون دينار** ) .

٩ – هەر يانەيەك پاشەكشە يان بەشداری لەخەلأت و ڕێزلێنانی تايبەت بە چالأكييەكانی يەكێتی تۆپی پێی كوردستان نەكات بە بێ پاساوی گونجاو وروونی نەبێت ,بێ بەش ئەبێت لە هەموو خەلأتە تەرخانكراوەكانی **(دارايی وڕێزلێنان )** , پێويستە داوای ليبوردنی فەرمی بە نووسراو لە يەكێتی تۆپی پێی كوردستان بكات , گەر نا بەشداری چالاكييەكان ناكات وبێ بەش دەبێت ، لەگەڵ ئەنجامدانی ( ٣ ياری لەوەرزی نوێ لە دەرەوەی ياريگای خۆی ) ، پێ بەژاركردنی بە بڕی ( **٥ مليون دينار** )

١٠ - ئەگەر هەردوو يانە ئامادە نەبوون ياری بەرێوە بچێت , هيچ خاڵێك هەژمار ناكرێ بۆ هەردوو يانە و پێ بژاركردنيان بە بڕی ( **٢ ـ ٣ مليون دينار** ) .

## یاریزانان

١ – هەر یاریزانێكی راگیراو یان سزادراو یان ناوی لە لیستدا ( كشوفات ) تۆمار نەكرابێت بەشداری وياری بكات ئەو یانەیە بە

أ - دۆراو دائەندرێت بە ئەنجامی ( ٣ ــ ٠ ) بۆ تیپی بەرامبەر , ئەگەر ژمارەی گۆڵەكان لەوە زیاتر بێت ئەنجامەكە وەك خۆی دەمێنێتەوە ، .

ب - پێ بژاردنی یانەكە بە بڕی ( ٢ ـ ٣ ملیون دینار ) .

ج- دوورخستنەوەی یاریزانەكە بۆ ( ٣ ـ ٥ یاری ) .

٢ – هەر یاریزانێك دەستدرێژی كرد بە لێدانی جەستەیی بۆ سەر سەرپەرشتیاری یاری یان دەستەی ناوبژیوانان یان دەستەی كارگێری وراهێنەرانی یان یاریزانانی تیپەكەی یان تیپی بەرامبەر لەكاتی یاری سزا دەدرێت بە :

أ – ئەنجامی یاری ( ٣ ــ ٠ ) بۆ تیپی بەرامبەر ، ئەگەر ژمارەی گۆڵەكان لەو زیاتر بێت ئەنجامەكە وەك خۆی دەمێنێتەوە ، .

ب – راگرتنی بۆ ماوەی ( ١ ـ ٣ وەرز )

ج – پێ بژاردنی بە بڕی ( ٢ ـ ٣ ملیون دینار )

٣ - هەر یاریزانێك دەستدرێژی كرد بە لێدانی جەستەیی بۆ سەر یان دەستەی ناوبژیوانان لەدوای یاری سزا دەدرێت بە :

أ – راگرتنی بۆ ماوەی ( ١ ـ ٣ وەرز )

ب – پێ بژاردنی بە بڕی ( ٢ ـ ٤ ملیون دینار )

٤ – جنێودان یان تف كردن لە دەستەی كارگێری وراهێنەرانی یان یاریزانانی تیپەكەی یان تیپی بەرامبەر لەكاتی یاری یان لەدوای یاری سزا دەدرێت بە :

أ – راگرتنی بۆ ماوەی ( ٤ ـ ٦ یاری )

ب – پێ بژاردنی بە بڕی ( ٥٠٠ هەزار ـ یەك ملیون دینار )

٥ – هەر یاریزانێك ببێتە هۆكاری ئاژاوە یان هاندانی جەماوەر بۆ ئاژاوە گێڕی یان هێرشكردنی جەماوەر بۆ سەر ستافی ناوبژیوانان , سزا دەدرێت بە :

أ – راگرتنی یاریزان بۆ ماوەی ( ٤ ــ ٦ یاری ) .

ب – پێ بژاردنی بە بڕی ( ١ ـ ٣ ملیون دینار )

٦ – زیان گەیاندن بە کەلوپەلی یاریگا لەکاتی یاری یان لەدوای یاری , سزا دەدرێت بە

أ – راگرتنی بۆ ماوەی ( ٢ - ٤ یاری )

ب – پێ بژاردنی بە برِی ( ٣٠٠ – ٥٠٠ ) هەزار دینار

٧ – هەر یاریزانێك کردارو رەوەشتی ناوەرزشی ونابەجێ چ بەرامبەر دەستەی ناوبژیوانان ویاریزانانی بەرامبەر ویاریزانان و راهێنەری ودەستەی کارگێری خۆی یان هەر کەسێکی تر لەنێو یاریگا ئەنجام بدات , گەر لە رێگای کامێرامانی ( T.V ) بسەلمێنرێت یان لەهەر دەزگایەکی دیکەی راگەیاندنەوە ئاماژەی پێکرا بێت لە راپۆرتی سەرپەرشتیاران سزا دەدرێت بە :

أ – دوور خستنەوەی بۆ ماوەی ( ٣ - ٥ یاری )

ب – پێ بژاردنی بە برِی ( ٥٠٠ هەزار – یەك ملیون دینار)

٨ – رەتکردنەوەی وەرگرتنی خەلآتە فەرمیەکان یان هەڵسووکەوتی نەشیاو لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتەکە,سزا ئەدرێت

أ – بێبەش کردنی لە خەلآتەکە

ب – راگرتنی بۆ ماوەی ( ٢ - ٤ یاری ) .

ج – پێ بژاردنی بە برِی ( ٥٠٠ هەزار – یەك ملیون دینار )

٩ – ئاماژەکردنی یاریزان بە شتی نەشیاو یان رەگەزپەرستی یان تائفی لە ژێر درێس , سزا ئەدرێت بە :

أ – دوور خستنەوەی بۆ ماوەی ( ٣ - ٥ یاری )

ب – پێ بژاردنی بە برِی (٥٠٠ هەزار – یەك ملیون دینار )

١٠ - لێدوانی نادروست نا بەجێ بۆ دەزگاکانی راگەیاندن یان هەر بڵاوکردنەوەیەك لە تۆرِە کۆمەلآیەتیەکان یان گومان کردن لەسەر دەستەی ناوبژیوانان یان وروژاندنی ناکۆکی و دووبەرەکی , سزا دەدریت بە

أ – راگرتنی بۆ ماوەی ( ٢ - ٤ یاری )

ب – پێ بژاردنی بە برِی ( ٣٠٠ - ٥٠٠ هەزار دینار )

١١ – ئەگەر یاریزانی هەستا بە تزویرکردنی تەمەنی لە خولەکان ( ژێر تەمەن ٢٠ – ژێر تەمەن ١٧ ) سزا ئەدرێت بە

أ – دوورخستنەوەی لە یاریگاکان بۆ ماوەی ( ٣ - ٥ ساڵ )

ب – پێ بژاردنی بە برِی ( ١ – ٣ ملیون دینار )

ج – بێ بەشکردنی لەبانکهێشکردن بۆ هەڵبژاردەکانی کوردستان بۆ ماوەی ٣ سال

١٢ – بەهیچ جۆرێك دەست كاری له گۆرینی ژمارەی یاریزانان ناكرێت , لەكاتی سەرپێچی كردنی ئەم فەرمانه

أ - تیپ به دۆراو بەئەنجامی ( ٣ ـ ٠ ) گۆل دادەنرێت

ب – پێ بژاردنی یانه به بڕی (٣٠٠ ـ ٥٠٠ هەزار دینار) .

١٣ – دیاریكردنی ژمارەی درێسی یاریزانان له ژماره یەك ( ١ ) بۆ ژماره نەوەد ونۆ ( ٩٩ ) دەبێت . پێویسته ئەم ژمارانه لەسەر درێسەكان به دوورین یان نووسین بێت بەروون و ئاشكرایی ببینرێت . ئەگەر ژمارەی یاریزان له ( ٩٩ ) زیاتر بێت ماڤ بەشداركردنی نیه وئەگەر بەشداری پێ كرا ئەوا تیپەكەی به دۆڕاو دادەنرێت به ئەنجامی ( ٣ ـ ٠ ) ئەگەر ئەنجامەكه زیاتر بوو وەك خۆی دەمێنێتەوە .

---

## كارگێری و ڕاهێنەران

١ – ئەوانەی له شوێنی ( ناوچەی هونەری )ن له لایەن یەكێتی تۆپی پێی كوردستان رووبەرووی هەمان سزای یاریزانان دەبنەوە كاتێك دوور له یاساكانی تۆپی پێ ورەفتاری ناوەرزشی ئەنجام دەدەن .

٢ - سەرۆك و دەستەی كارگێری وراهێنەر و یاریدەدەرانی راهێنەر وستافی هونەرییەكان وچارەسەركاران ویاریدەدەرانی كارگێری گەر لێدوانی نادروست بەبێ بەڵگه بۆ دەزگاكانی راگەیاندن بدەن ئەوە لێپرسینەوەیان له لایەن یەكێتی تۆپی پێی كوردستان لەگەڵدا دەدرێت .

٣ – ئەگەر راهێنەر بەشداری به یاریزانێكی نایاسایی بكات سزاكەی بەم جۆره دەبێت :

أ – دوور خستنەوەی بۆ ( ٢ ـ ٤ یاری ) .

ب – پێ بژاردنی به بڕی ( ١ ـ ٣ ملیون دینار )

٤ – ئەگەر ڕاهێنەر بۆ هێرش كردنه سەر ناوبژیوانان هەوڵ بدات , یاخود هۆكار بێت بۆ دروست كردنی ئەم هێرشه ئەوا سزا ئەدرێت به :

أ – دوور خستنەوەی بۆ ( ٢ ـ ٤ یاری )

ب – پێ بژاردنی به بڕی (٥٠٠ هەزار ـ یەك ملیون )

٥ – ئەگەر راهێنەر هەستا بە تزویرکردنی تەمەنی یاریزانان ( ژێر تەمەن ٢٠ – ژێر تەمەن ١٧ ) , سزا ئەدرێت

بە :

أ – دوورخستنەوەی لە یاریگاکان بۆ ماوەی ( ٣ ساڵ )

ب – پێ بژاردنی بە بڕی ( ٣ ـ ٥ ملیون دینار )

ج – بێ بەشکردنی لەدەستنیشانکردنی وەك راهێنەر یان یاریدەدەری راهێنەر لە هەڵبژاردەکانی کوردستان

٦ – هێرشکردن بەقسەی نەشیاو دوور لە گیانی وەرزشی بۆ سەر دەستەی ناوبژیوانان لەکاتی یاری یان لەدوای یاری ,

سزا ئەدرێت بە :

أ – دوور خستنەوەی بو ماوەی ( ٢ ـ ٤ یاری )

ب – پێ بژاردنی بە بڕی ( ١ – ٢ ملیون دینار )

٧ – هێرشکردنی جەستەیی ( لێدان ) یەکێك لە دەستەی ناوبژیوانان لەکاتی یاری یان لەدوای یاری , سزا ئەدرێت بە :

أ – دوور خستنەوەی بو ماوەی ( ١ – ٢ ساڵ )

ب – پێ بژاردنی بە بڕی ( ٣ ـ ٥ ملیون دینار ).

٨ – جوێندان یاخود تف کردن یاخود ئاماژەی جەستەی ناشیاو لە ستاڤی ناوبژیوانان یان سەرپەرشتیاری یاری, سزا

دەدرێت بە :

أ – دوور خستنەوەی بۆ ماوەی ( ٣ ـ ٥ یاری )

ب – پێ بژاردنی بە بڕی (٥٠٠ هەزار – یەك ملیون دینار )

٩ – هەر راهێنەرێك ببیتە هۆی کشانەوەی تیپ لە یاریگا وپەکخستنی یاری, یان تەواو نەکردنی یاری, سزا دەدرێت بە

أ – دوور خستنەوەی بۆ ماوەی ( ٣ ـ ٥ یاری )

ب – پێ بژاردنی بە بڕی (٥٠٠ هەزار – یەك ملیون دینار )

ج - لەگەل ئەو سزایانەی بەسەر یانەکە دەسپێنرێت .

١٠ – لێدوانی نادروست ودوور لەڕاستیەکان و بلاوکردنەوەیەك لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کە ببێتە هۆکارێك کاریگەری

لەسەر رێکخەرانی پاڵەوانێتیەکە یاخود گومان کردن لەسەر دەستەی ناوبژیوانان یان ووژاندنی ناکۆکی دووبەرەکی یان

بەکارهێنانی درووشمی رەگەزبەرستی و تائفی , سزا دەدرێت بە :

أ – دوور خستنەوەی بۆ ( ٣ ـ ٥ یاری )

ب – پێ بژاردنی بە بڕی (٥٠٠ هەزار – یەك ملیون دینار )

## جەماوەر

١ – گەر جەماوەری هەر یانەیەك بووە هۆی ئاژاوەنانەوە وگیروگرفت درووست کردن ئەوە هەر زەرەرو زیانێك تووشی یاریگا یاخود یانەکە بێت ئەوا دەکەوێتە ئەستوی یانەی  ئاژاوەگێر .

٢ – گەر جەماوەری یانەیەك هەستا بە بەکارهێنانی ووشەو کرداری رەگەزپەرستی یان تائفی دژی تیپ یان یاریزان یان یەکێك لە دەستەی راهێنەرانی تیپی بەرامبەر , سزا دەدرێت بە :

أ - ( ٣ ـ ٥  یاری ) لە یاریگای خۆی بەبێ ئامادەبوونی جەماوەر ئەنجام دەدەرێت .
ب – پیَ بژاردنی یانەکە بە برِی (  ٢ ـ ٣ ملیون دینار )
٣ – گەر جەماوەری یانەیەك هەستا بە ئاژاوەگێری وتێکدانی یان رێگاگردن لە ئەنجامدانی یان بەرێوە بردنی یاری یان هێرشی کردە سەر سەرپەرشتیار یان دەستەی ناوبژیوانان یان سەر تیپی بەرامبەر , سزا دەرێت بە :

أ – ئەنجامدانی ( ٢ ـ ٤ یاری ) لە دەرەوەی یاریگای خۆی
ب – ئەنجامدانی ( ٢ ـ ٤ یاری ) بەبێ جەماوەر لەیاریگای خوی
ج – پیَ بژاردنی بە برِی ( ٣  ـ  ٥  ملیون دینار )
٤ – بەکارهێنانی دەستەواژەی ووشەی نەشیاو بە کۆمەڵ کە ببێتە هۆی کاریگەری لەسەر هەستی گشتی یان لە سەر یاریزانان یان دەستەی ناوبژیوانان , سزا دەدرێت بە :

أ – ئاگادار کردنەوەی یانە
ج – پیَ بژاردنی بە برِی (٥٠٠ هەزار  ـ  یەك ملیون دینار )
٥ – هاتنە ژوورەوەی جەماوەری خاوەن یاریگا بۆ ناو یاریگا وپەکخستنی یاری یان ببێتە هۆکار بۆ تەواو نەکردنی یاری یان ببێتە هۆی ووژاندنی توندوتیژی وشکاندنی کەلوپەلی گشتی یاریگا , سزا دەدرێت بە :

أ – هەژمارکردنی یانە بە دۆراو ( ٣ ـــ ٠ ) ئەگەر ژمارەی گۆڵەکان لەوە زیاتر بێت ئەوە ئەنجامەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە
ب – ئەنجامدانی ( ٢  ـ  ٤  یاری ) داهاتووی یانە بە بێ جەماوەر
ج – پیَ بژاردنی بە برِی ( ٢  ـ  ٤  ملیون دینار )

**تێبینی // یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەسەلاتی تەواوی هەیە بۆ سرینەوە یان زیاد کردنی سزاکان دوای لیکولینەوە پێداداچون و پشت بەستن بە وینەو فدیوکان**

٦ – هەڵدانی بەرد یان دەبەی ئاو یان هەر شتیکی تر بۆ نێو یاریگا یان بۆ دەستەی ناوبژیوانان یان سەرپەرشتیاری یاری یان بۆ تیپی بەرامبەر , وەك نارەزای دەربرین بەرامبەر بریاری ناوبژیوانان لەکاتی یاری و لەدوای یاری , سزا دەدریێت بە :

أ – ئەنجامدانی یاری داهاتووی یانەکە بەبێ جەماوەر

ب – پێ بژاردنی یانە بە بری ( ٥٠٠ هەزار - یەك ملیون دینار )

٧ – هێرشکردن بە لێدانی جەستەیی بۆ سەر یەکێك لە دەستەی ناوبژیوانان یان یاریزانان یان راهێنەرانی تیپی بەرامبەر , سزا دەدریێت بە :

أ – کۆتایی هێنان بە یاری , هەژمارکردنی یانە بە دۆراو ( ٣ – ٠ ) ئەگەر ژمارەی گۆڵەکان لەوە زیاتر بێت ئەوە ئەنجامەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە

ب – ئەنجامدانی ( ٢ - ٥ یاری ) داهاتووی یانە بە بێ جەماوەر

ج – پێ بژاردنی بە بری ( ١ - ٢ ملیون دینار )

٨ – بەکارهێنانی یاری ئاگرین بۆ نێو یاریگا یان بەکارهێنانی لێزر یان هەر ئامێریك کە زیانی هەبێت , سزا دەدریێت بە

أ – ئاگادارکردنەوەی یانە

ب – پێ بژاردنی بە بری (٥٠٠ هەزار – یەك ملیون دینار )

٩ - بەکارهێنانی بڵندگۆ لەکاتی یاری قەدەغەیە سەرپێچکاری یانەکە سزا دەدریێت بە پێ بژاردنی بە بری (٥٠٠ هەزار – یەك ملیون دینار ) ولەکاتی دووبارەکردنەوەی یارییەکانی ئەگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی یاریگای خۆی .

## بەندی چواردەهەم

## خولەکان

**یەکەم // خولی نایابی کوردستان**

١ – ژمارەی یانە بەشداربووەکان ( ١٦ یانە )

٢ - خولەکە بەشێوازی خول بە دوو قوناغ بەرێوە دەچێت

٣ – لە کۆتایی خول ( ٢ یانە ) ی دوا ریزبەند دادەبەزێت بۆ خولی پلە یەکەکانی کوردستان بۆ وەرزی ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥

٤ – دوو یانە لەخولی پلە یەکی کورستان سەردەکەوی بۆ خولی پلە نایابی کوردستان وەرزی ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥

٥ – وەرزی ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥ ( ١٦ یانە ) لەخولی پلە نایابی کوردستان یاری دەکات

٦ –لەوەرزی ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥ ( ٤ یانە ) دادەبەزێت بۆ خولی پلە یەکی کوردستان لەوەرزی ٢٠٢٥ – ٢٠٢٦

---

**دووەم // جامی کوردستان بەمشێوەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت :**

أ – یارییەکانی پاڵەوانیەتی جامی کوردستان بە دوو قوناغ بەشێوازی دۆراوی تاك بەرێوە دەچن .

ب – بەشداری کردنی پلە یەك ودوو ئارەزوو مەندانەیە .

ج – یانەکانی پلە نایاب بە پێی رِێنمایی دەبێت بەشداری بکەن ( ئیجباریە ) .

د – یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کات وشوێنی یاری کۆتایی دەستنیشان دەکات .

---

**سێیەم // خولی پلە یەکی کوردستان**

١ – ژمارەی یانە بەشداربووەکان ( ١٨ یانە )

٢ - خولی پلە یەکی کوردستان بە یەك کۆمەڵەو یارییەکانی بە یەك قۆناغ بەرێوە دەچن

٣ - دوو یانەی لە ریزبەندی یەکەم و دووەم سەر دەکەون بۆ خولی پلە نایابی کوردستان بۆ وەرزی ( ٢٠٢٤ ــــ ٢٠٢٥ )

٤ - دوو یانەی دوا ریزبەندی خولەکەش دادەبەزن بۆ خولی پلە دووەکانی کوردستان بۆ وەرزی ( ٢٠٢٤ ــــ ٢٠٢٥ )

---

**چوارەم // خولی پلە دووی کوردستان**

١ – خولەکە بە دوو قوناغ بەریوە دەچیت

٢ – قوناغی یەکەم یانەکان لە ناوچەکانی خویان یاری دەکەن

٣ – لە قوناغی یەکەم ( ٦ یانە ) سەردەکەوێت بۆ قوناغی دووەم

٤ – ژمارەی یانە بەشداربووەکان لە قوناغی دووەم ( ٢٠ یانە ) یە

٥ – لە قوناغی دووەم یانەکان دابەش دەکرینە سەر دوو گروپ بەشێوازی خول بەرێوە دەچێت

٦ – یەکەمی هەرگروپێك راستەوخو سەردەکەوێت بۆ خولی پلە یەکی کوردستان بۆ وەرزی ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥

٧ – لەهەر گروپێك ( ٢ یانە ) دادەبەزێت بۆ خولی پلە سێ

**پێنجەم // خولی ژێر ( ٢٠ سالان ) ( ١٢ یانە ) بەشدارە ، بە شێوەی خول بێت بە بەرێوە دەچێت بە یەك قوناغ ، دوو یانەی ریزبەندی خوارەوە دادەبەزێت بۆ خولی شیاندن لە پارێزگاکان لە وەرزی ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥**

**شەشەم // خولی ژێر ( ١٨ سالان )( ١٢ یانە ) بەشدارە ، بە شێوەی خول بێت بە بەرێوە دەچێت بە یەك قوناغ ، دوو یانەی ریزبەندی خوارەوە دادەبەزێت بۆ خولی شیاندن لە پارێزگاکان لە وەرزی ٢٠٢٤ - ٢٠٢٥**

**حەوتەم// خولی فوتسالی کچان بە شێوەی خول بە دوو قوناغ بەرێوەدەچێت**

**هەشتەم// خولی فوتسالی کچان ( ژێر ١٨ سالان ) بە شێوەی خول بەرێوەدەچێت**

**نۆیەم// ئە نجامدانی فستفالی سالانە بۆ ئەکادیمەکان**

**دەیەم // بە سپۆنسەرکردنی خولەکان**

**یازدەهەم // خولی زاخاوتن بۆ ناوبژیوانان ( یاریگای گەورە و فوتسال )**

**دوازدەهەم// خولی تایبەت بە ڕاهێنەران**

**سیازدەهەم // جامی سوپەری وەرزی ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥ بەم شێوەیە دەبێت**

**جامی سوپەر لە وەرزی ٢٠٢٤ -٢٠٢٥ لە نێوان یەکەم خولی نایاب و پالەوانی جام بەرێوە دەچێت , ئەگەر یەکەمی پلە نایاب جامی بردەوە ئەوە لەگەل دووەمی جام یاری دەکات ، ئەگەر پاڵەوانی خولی نایاب یان پاڵەوانی جام ئامادە نەبوو یان نەیتوانی یاری جامی سوپەر ئە نجام بدات بەهەرهۆیەك بێت ، خاوەنی پلەی دووەم یارییەکە ئە نجام دەدات**

تێبینی // لە خولی فوتساڵی کچان : پێش دەستپێکردنی خول ڕێنمایی تایبەت بە خولەکە دەردەچێت

**ئیمێلی لیژنەی پێشبرکێکان** kfacompetitions2022@gmail.com